

# مرۆڤ هەمویان یەکسانن
# — تۆش!

ئەگەر جیاوازیت لەگەڵ کراوە،
ئێمە دەتوانین یارمەتیت بدەین



## ئەرکەکانی نوێنەرایەتیی کەمایەتیەکان بریتین لە:

- پایەی کۆمەڵایەتیی کەمایەتیەکان و بێگانەکان لە فینلەندا باشتر بکات
- ڕێگری بکات لە جیاوازیکاری و کار لە دژی جیاوازیکاری بکات.

ئەو کەسانەی یان ئەو خەڵکانەی کە داخوازیکاری نوێنەرایەتیی کەمایەتیەکانن بریتین لە، کۆچبەران، ئەو بێگانانەی کە لە فینلەندا دەژین و هەروەها کەمایەتیە ڕەسەنەکانی فینلەندا وەکو ڕۆمانیەکان و سامیەکان کە خەڵکی ڕەسەنی فینلەندان.

لەلایەکی تریشەوە نوینەرایەتیی کەمایەتیەکان ئەو لایەنەیە جەماوەریەیە کە ڕاپۆرتی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە بەرزدەکاتەوە و چاوەدێری ئەو دیاردانە دەکات کە پەیوەندیان هەیە بەو بازرگانیەوە و چالاکی لەدژی ئەو شتە ئەنجام دەدات. هەموو فەرمانبەرە فەرمیەکان، ڕێکخراوەکان و قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوەش دەتوانن ڕوو بکەنە بەشی ڕاپۆرت دەری بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە بچۆرە سەر ئەم ماڵپەڕە: www.ihmiskauppa.fi

ئەو جیاوازیکاریانەی کە پەیوەندیان بە ڕەگەزایەتی و بێگانەییەوە نیە پەیوەندیان بە ئەرکەکانی نوێنەرایەتیی کەمایەتیەکانەوە نیە.


### نوسینگەی نوێنەرایەتیی کەمایەتیەکان:

ژمارە تەلەفۆنی پرسگەی داخوازیکاران: 071 878 8666
(ئێشکگری تەلەفۆن لە ڕۆژانی کاردا، کاتژمێر ١٠ -١٢)

PL 26, 00023 Valtioneuvosto

ofm@ofm.fi

www.ofm.fi

VÄHEMMISTÖVALTUUTETTU


"خانویەك هەبوو بۆ کرێ نەیاندا بەمن، چونکە کرێچیەکەی پێشووتر کۆچبەر بووە کێشەی بۆ بە کرێدەری خانووەکە ناوەتەوە."

"نەیان هێڵا بچمە دیسکۆیەکەوە. دەرگاوانەکە پێی وتم حەز ناکەن لەهەمان کاتدا ژمارەیەکی زۆر بێگانە لە دیسکۆکەدا بن."

"بیمە یان تەئمینم پێ نەدرا چونکە ڕەگەزنامەی وڵاتێکی ترم هەیە."

"کاتێك کە دەچمە ناو فرۆشگایەکەوە بە بەردەوامی پاسەوانەکان بەدوامەوەن."



"من لە بواری خزمەتدا کار دەکەم و خاوەن کارەکەم پێم دەڵێت، خزمەت بەو کەسانە مەکە کە سەر بە کەمایەتیەکانن."

"لە قوتابخانەکەمدا قسەی ڕەگەزپەرستانە دەکەن."

"خاوەن کارەکەم پاسەپۆرتەکەمی گل داوەتەوەو هەڕەشەم لێ دەکات کە ئەگەر ڕازی نەبم ڕۆژی شانزە کاتژمێر کار نەکەم."

### نوێنەرایەتیی کەمایەتیەکان یارمەتیی قوربانیانی بازرگانیی مرۆڤ دەدەن

یەکێك لە ئەرکەکانی نوێنەرایەتیی کەمایەتیەکان ئەوەیە کە چاوەدێریی بازرگانیکردن بەمرۆڤەوە بکات و چالاکیی دژ بەو بازرگانیە بکات، هەروەها بەشێوەیەکی بەرنامەڕێژکراو ڕاپۆرت لەسەر دیاردەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە پێشکەش بە پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران بکات.
هەر کاتێك بۆ نمونە لە شوێنی کارکردنتدا هەستت خراپی بەکارهێنان یان کاری لەشفرۆشی پێکردنت کرد، پەیوەندی بکە بە نوێنەرایەتیی کەمایەتیەکانەوە. هەروەها دەتوانیت لە هەر شوێنێك ئاگاداری بارودۆخێک بویت کە نیشانەی بازرگانیی مرۆڤی پێوە دیار بوو نوێنەرایەتیی کەمایەتیەکان ئاگاداربکەرەوە. قوربانیانی بازرگانیی مرۆڤ دەتوانن لە ڕێکخراوی تایبەتی قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە یارمەتی بدرێن.

بازتگانیکردن بە مرۆڤەوە ئەوەیە کە، کەسێك بۆ سوودی تایبەت بەکاربهێنرێت، ئەو کەسە کۆنترۆڵ بکرێت، ژێردەستە بکرێت و هەروەها خاڵی لاوازی کەسێك بۆ سوودی تایبەت بەکاربهێنرێت. بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە یان ئەو دیاردانەی کە پەیوەندیان بەهو شتەوە هەیە لەوانەیە بۆ نمونە بەزۆر کارپێکردن بێت یان سوود وەرگرتنی سێکسی بێت لە شێوەی گەوادی پێوە کردن. هەروەها بۆی لەوانەیە کچ بەزۆر بەشوودانیش جۆرێك بێت بە بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە.

تەلەفۆن + 358 71 876 3170


design Timo Saarinen – artwork Hannu Hyrske



## جیاوازیکردن چیه؟

جیاوازی کردن ئەوەیە کە، لەهەمان هەلومەرجدا ڕەفتار لەگەڵ کەسێکدا بکرێت خراپتر بێت لە چاو کەسێکی ترەوە بەهۆی جیاوازیی ڕەگەزی ئەو کەسەوە. جیاوازیکردنی ڕەفتارێکی نایەکسانە لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەو کەسانەی تر سەر بە ڕەگەزێکی تر یان نەتەوەیەکی ترن یانیش ڕەنگی پێستیان ڕەنگێکی ترە.

هەروەها قسەی سوکایەتی یان هەڕەشەی دژایەتیش لەوانەیە جیاوازیکاری بێت.

لە نوسینگەی نوێنەرایەتیی کەمایەتیەکاندا پرسگەی داخوازیکاران هەیە، کە دەتوانیت پەیوەندی پێوە بکەیت

- ئەگەر بەهۆی بنەچەکی خۆتەوە یان بەهۆی ئەوەی کە بێگانەیت جیاوازیکاریت بەسەر هاتووە یان تێبینیت کردووە.
- ئەگەر بەهەمان ئەو هۆیانەوە ڕەفتاری ڕەگەزپەرستانەت لەگەڵ کراوە یان نەگونجاوت لەگەڵ کراوە.

هەروەها بۆت هەیە لە جیاتی کەسێکی تر یان لە جیاتی کۆمەڵە خەڵکێکی تریشەوە پەیوەندی بکەیت.

## ئایا جیاوازیکاریت لەگەڵ کراوە؟ کەواتە ئەم شتانە بکە!

- هەوڵ بدە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەیتەوە:

١) چی ڕوویداوە و ئەو کەسە کێ بوو کە بە ڕای خۆت ڕەفتاری ناڕاستی لەگەڵ کردوویت؟
٢) لە کوێ و کەی ئەم شتە ڕوویداوە؟
٣) ئایا کەسێك هەیە بتاوانێت شایەتی بۆ ئەم ڕووداوە بدات یان ئایا بەڵگەیەکی نوسراویت هەیە؟
٤) بۆ گومان دەکەیت کە ئەو ڕەفتارەی لەگەڵت کراوە هۆیەکەی تەنها دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی ڕەگەزایەتیت؟

پەیوەندی بکە بە نوێنەرایەتیی کەمایەتیەکانەوە:

- بە تەلەفۆن
- بە ناردنی نامە
- بە ناردنی ئیمەیل

دەتوانیت بە زمانی ڕەسەنی خۆت پەیوەندی بکەیت بە نوێنەرایەتیی کەمایەتیەکانەوە. لەکاتی پێویستدا موتەرجیمت بۆ دەگرین و هەرچی نامەیەکیشمان بۆ بێت تەرجومەیان دەکەین. هیوادارین کە ئەو نامەیەی بۆمانی دەنوسیت لە دوو لاپەڕە زیاتر نەبێت.

## نوێنەرایەتیی کەمایەتیەکان بەچی شێوەیەك یارمەتی دەدات؟

- بەوەی کە لەگەڵ تۆدا بیر بکەنەوە کە چی شتێك باشە بۆ ئەو شتە بکرێت
- بە پێشکەشکردنی ڕێنمایی، ئامۆژگاری و کردەوەی پەسەند، بۆ ئەوەی ئەو جیاوازیکاریە بەردەوام نەبێت
- بە هەوڵ دان بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتن
- بە داواکردن لەو کەسەی یان ئەو فەرمانبەرەی یان ئەو بازرگانەی کە گومانی جیاوازیکاریی لێ دەکرێت لەسەر بابەتەکە ڕوونکردنەوە بدات
- بە بردنی داخوازیکار یان یارمەتیدانی بۆ پێشکەشکردنی سکاڵاکەی بۆ لیجنەی بەرەنگاریی جیاوازیکاری یان بۆ دادگا

نوێنەرایەتیی کەمایەتیەکان

- ناتوانێت بڕیارەکانی فەرمانگەکان بگۆڕێت
- ناتوانێت بڕیاری ئیقامە و ڤیزا بگۆڕێت
- ناتوانێت یارمەتی بدات ئەگەر جیاوازیکاریەکە لە شوێنی کاردا یان لە شوێنی کۆکردنەوەی هێزدا ڕوویدابێت. لەم هەلومەرجانەدا فەرمانبەرانی پاراستنی کار یارمەتی دەدەن.

بۆ زانیاری زیاتریش لەسەر ئەم لایەنە:

**www.avi.fi/tyosuojelu**